ئەم بابەتە لە شاری هەولێر لە بەرواری 10-01-2014 لە لایەن مامۆستا(محمدرافع) گووتراوەتەوە، و دۆست و قوتابییانی مامۆستا هەڵساون بە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی.

**ئەنجامدانی قیرائەکردن لەسەر مەخلوقات کۆمەڵێك هەست لە ناوەوەی مرۆڤ دروست دەکات، ئیمانیش شتێکی زارەکی نییە و بە شێوەیەکی ماددیانە هەستی پێ دەکرێت، کاریگەرییەکانی قیرائە لەسەر جەستەی مرۆڤ چییە؟**

**بەروبوومی قیرائە شتێکە و هەست بە قیرائەکردن**

**لە ناوەوەی مرۆڤ شتێکی دیکەیە**

**بە بەردەوامبوون ئەم هەستانەش کۆمەڵێك سیفات لە مرۆڤەکە دروست دەکەن، ئینجا ئەم سیفاتانەش دەبن بە ڕەوشت(خُلق) لە مرۆڤ،**

**بە قیرائەکردنی مەخلوقات ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی لە مەخلوقات بوونی هەیە، وا دەکات ئەو سیفاتە لەناو ناوەوەی ئێمە دەست بە ئیشکردن بکات. کاتێك هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ دێتە سەر زاری بە چ چەمکێك دەریدەبڕێت؟**

**ئەم خەسڵەت و سیفاتانە چین کە لە قورئان باسی لێکراوە؟ ڕیزبەندی ئەو مەخلوقاتانەی کە قیرائەی لەسەر دەکرێت چۆن لە قورئان وەردەگیرێت؟**

**ئایا دەبێت ڕێبدەین جەنجاڵی دەوروبەر جەنجاڵی لە ناخمان دروست بکات؟ لەبەرئەوەی بە قیرائەکردن خودا دەناسین کەواتە زۆر پێویستە لە ژیانماندا کاتێکی لۆ تەرخان بکەین.**

**بەرەوە قیرائەکردن**

**ئەنجامدانی قیرائەکردن لەسەر مەخلوقات کۆمەڵێك هەست**

**لە ناوەوەی مرۆڤ دروست دەکات**

ئەم بابەتی (قیرائە) پێویستە ئەنجام بدرێت و شەو لۆی هەڵسیت، و گووتمان قیرائە بەروبوومی هەیە، هەروەها کۆمەڵێك هەست دێنێتە ئاراوە، لەلای ئێمە ئیمان مادییاتە، واتە ئیمان و تەقوا کۆمەڵێك سیفاتە، دەبێ لە دەروونمان هەستی پێ بکەین، (ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ)(الزمر23) لەم ئایەتە باسی پێست دەکات، باسی دڵێك دەکات ماددییە و گۆشتە، جا دەبێ ئیمان کاریگەری هەبێ لەسەر واقیعی ژیانی مرۆڤ لە لایەنی جەستەیەوە، ئەگەرنا ئیمان نییە، (تَلِينُ جُلُودُهُمْ) (تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ)(الزمر23) باسی پێست دەکات، جاروبار هەندێ حاڵەت لۆ مرۆڤ دروست دەبێ، کە دەڵێن مووەکانی گڤ وەستاوە، ئەمە هەستە.

**ئیمانیش شتێکی زارەکی نییە و بە شێوەیەکی ماددیانە هەستی پێ دەکرێت، کاریگەرییەکانی قیرائە لەسەر جەستەی مرۆڤ چییە؟**

تەقواکردن ئیمان بەرهەم دێنێت، هەڵبەت دەبێ کاریگەری و جێشوێنی لەسەر مرۆڤ جێبێڵێت، هەرکاتێك هەر تەقواکردنێك کە لەسەر بنچینەی قیرائە دامەزرا بێت، ئەو هەستانەی لۆ مرۆڤ دروست نەکرد، بزانە و دڵنیابن کە بە هەڵە داچووە، هەر دەبێ بەروبوومی هەبێ، لەلای ئێمە ئیشکردن لۆ بنیاتنانەوەی ئیمان

وەکو (1+1) وایە، هەروەك چۆن چاوەکان بە یەك ئاست ڕەنگی سپی دەبینن، و ڕەنگی ڕەشیش بە یەك ئاست دەبینن، هەروەها چاوی هەموو مرۆڤەکان ڕەنگی سوور بە یەك ئاست دەبینن، هەموو مرۆڤەکان کە قیرائەیان کرد دەبێ کاریگەریی ئیمانیان پێوە دیار بێ، لەهەمان کات ئەو ئیمانە ئالوگۆڕ بێت لۆ کرداری چاك (عمل صالح) لە واقیع.

## بەروبوومی قیرائە شتێکە و هەست بە قیرائەکردن

## لە ناوەوەی مرۆڤ شتێکی دیکەیە

دوای ئەوەی ئەم هەستانەی لەلای مرۆڤەکە دروست دەبێت، کۆمەڵێك سیفات لە ئینسان دروست دەبێ، بە بەردەوامبوون لە دووبارەکردنەوەی ئەم کردارە ئەو سیفاتانە لەناو ناوەوەی مرۆڤ دەچەسپێت، واتە خەڵکی هەستی پێدەکات. ئەگەر قیرائەکردن بە کردەییانە ئیمان دروست نەکات، ئەوا دەبێ سڵاوی لەسەر بخوێنین! لەبەرئەوەیە قیرائەکردن هەردەبێ ئیمان دروست بکات، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە، هەروەك چۆن ئەو کاتەی تێیدابین دەزانین شەوە یان ڕۆژەو کاتژمێریش چەندە، بەهەمان شێوە قیرائەکردن و دروستکردنی ئیمانیش بەو قیرائەیە شتێکی بەڵگە نەویستە، بەروبوومی قیرائە شتێکە و هەست بە قیرائەکردن لە ناوەوەی مرۆڤ شتێکی دیکەیە، ئێمە باس لە مادییات دەکەین، واتە ئەگەر هاتوو هەر کەسێك لە ئاستێکی دەستنیشانکراو قیرائەیکرد دەبێ کردەییانە پێستی جووڵەی بکات، موچڕکی پێدا بێت، کە کۆمەڵێك خەسڵەت هەیە کە حەز ناکەم لێرە ئاماژەی پێبدەم، کەوا لە نێو سینگی دروست دەبێت، سیفات هەیە کە لە ناو سینگی مرۆڤەکە هەستێك دروست دەکات، ئینجا خۆشە یان ناخۆش ئەوە کێشە نییە، پاشان مرۆڤەکان پێی دەگەن، لە دەماغی مرۆڤ هەستێك دروست دەبێ، لەناو جەستە و پێکهاتەی ماسولکەکانی هەستی پێدەکرێت.

## بە بەردەوامبوون ئەم هەستانەش کۆمەڵێك سیفات لە مرۆڤەکە دروست دەکەن، ئینجا ئەم سیفاتانەش دەبن بە ڕەوشت(خُلق) لە مرۆڤ

لێرەدا نامەوێت باسی ئەو هەستە بکەم، لۆیە باسی پێستم کرد، چونکە لە قورئان باسی کردووە، شتی دیکە هەیە کە لە قورئان باسی کردووە، کە پێشتر باسم نەکردووە، ئەگەر هەرکەسێك بە ڕاستەقینە گەیشتە ئەو حاڵەتە، ئەوا ئەو هەستە لەلای دروست دەبێت، لۆیە دەڵێین قیرائەکردن کاریگەری هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ وەکو ماددەو وەکو هەست، واتە لە هەردوو لایەن، قیرائەکردن بەروبوومی هەیە وەکو هەڵوێست، کە دەبێ ئەم دووانە لێك جیابکرێنەوە:

1- واتە قیرائەکردن کاریگەری هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ وەکو مەخلوق.

2- قیرائەکردن بەرووبوومی هەیە وەکو کۆمەڵێك خووو ڕەوشت و نەریت (خُلُق).

پرسیارێك دەکەین ئەویش: ئایا هاوەڵان لە ناو جەنگ هەستیان بە ئازار نەدەما؟ یان زۆرکەم دەبوو، لەبەرچی؟ یان دەبێ لەجەنگەکان هاوەڵان بریندار نەبووبن؟ بێگومان برینداریان هەبووە، ئەی لەبەرچی باسی ئازاری بریندارەکان ناکرێت، چۆن توانیویانە زاڵبن بەسەریدا، هاوەڵ هەبووە لە غەزاکان شمشێر بە قۆڵی کەوتووە، تەنیا پێستەکەی پێوەماوە، کەمێکی کەم گۆشتی پێوەماوە، قۆڵی شۆڕکردۆتەوە و قاچی لەسەر داناوە و لە ژێرەوە هەڵیتەکاندووە! ئایا ئازاری لە کوێ بووە؟ چی وای لێکردووە؟ ئیمان. ئیمان وزە و توانایەکی سەیر دەداتە مرۆڤ، هەر لەبەرئەوەشە زۆربەی غەزایەکان لە مانگی ڕەمەزان بووە،

بەزۆریش مانگی ڕەمەزان کەوتووەتە هاوین، ئەم هەموو غەزا و شمشێر وەشاندنە وزەو توانای ماسولکەیی دەوێ، (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفاً مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ)(الأنفال65)، دەپرسین ئایا ئەمە توانای ماسولکەییە یان نا؟ کاتێ شمشێرەکەی دەوەشێنێت، (20) نەفەر، دەبێ بە قەد (200) نەفەر بیوەشێنێت، واتە یەك شمشێر وەشاندنی ئەوان و ئینجا ئەو (20) نەفەرەی کاریگەری (200) نەفەری هەبێ، چونکە باسی زاڵبوون (الغلبة) دەکات، بابەتی زاڵبوون واتە ژمارەیە، (النصرة) شتێکە و (الغلبة) شتێکی دیکەیە، (غلبة) بە ژمارە دێ وەك (غُلِبَتِ الرُّومُ) لە: (غُلِبَتِ الرُّومُ * فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ * فِي بِضْعِ سِنِينَ)(الروم2-4)، لۆ زانین ڕۆم و فارس ئەوان هاوبەشدانەر (مشرك) بوون، باسەکە باسی (غلبة)یە، (نصر) (من عند الله)یە، (وَمَا جَعَلَهُ اللهُ إِلاَّ بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ)(آل عمران126) ئەمە لە غەزای بەدر بوو، قیرائە دەبێ هەستی پێ بکەیت لە ژوورەوە، کاریگەری لەسەر جەستەت هەبێ، و ببێتە ڕەوشتت (خُلُق) لە دەرەوە، ئەگەر وانەبوو، دوور لە پلە و پایەی قورئان مانای وادەبێ قیرائەکە ناڕاست بێت، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر خودی مرۆڤەکە دروست نەبوون، ئەگەر قیرائەی ڕاست بووبێت، ئەوا ئەو کابرایە هەستی پێ نەکردبێت، لەم حاڵەتە یان ئەوەتا بە قەد پێویست قیرائەی نەکردووە، یان لە ئاڕاستەکەی قیرائە هەڵەی کردووە.

**بە قیرائەکردنی مەخلوقات ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی لە مەخلوقات بوونی هەیە، وا دەکات ئەو سیفاتە لەناو ناوەوەی مرۆڤەکە دەست بە ئیشکردن بکات**

کەسێك پارچە موگناتیسێك و پارچە ئاسنێك بهێنێت، ئەگەر هاتوو موگناتیسەکە بە یەك ئاڕاستەی ڕاست لەسەر ئاسنەکە بخشێنیت، بە چەندبارەکردنەوەی ئەو کردارەی لێکخشاندنە، ئەوا پارچە ئاسنەکەش سیفاتی موگناتیسەکە وەردەگرێت و دەبێتە موگناتیس، بارگاوی دەبێ، ناوەوە و فیطرەی ئێمە وەکو ئەو موگناتیس و ئاسنەیە، ئێمەش لەگەڵ مەخلوقات بە هەمان شێوەینە ئەو بەریەك کەوتن و قیرائەکردنی مەخلوقات، کۆمەڵێك شت لە ناوەوەمان دروست دەکات، لۆیە دەڵێم خودای ڕەحمان توانایەکی سەیری داوەتە مرۆڤ، کە بریتییە لە کۆمەڵێك خەسڵەتی زۆر پێشکەوتوو و ئاست بەرز، بە بڕوای من لە دوای خودای ڕەحمان(جل جلاله) لە ئاست و پلە و پایەدا مرۆڤ دێت، بێگومان کە وشەی مرۆڤ (إنسان) لۆ چەندین جار دووبارەم کردەوە، مەبەستم لە مرۆڤی مەخلوقە، نەك مرۆڤ بە ڕەوشت (خُلق)، واتە مرۆڤ لە ڕووی خەلقکردنییەوە، جا لە دوای خودا(جل جلاله) ئەم هەموو توانستەی هەیە، ئینجا ئەم توانستەشی دەبێ لە ڕێگەی مەخلوقاتەوە زیندوو بکرێتەوە، واتە مرۆڤ زیندوویێتی هەیە، ژیانی هەیە، ئینجا ئەو ژیان (الحياة)ەشی جۆراوجۆرە، یەك لەم ژیانەی وەك دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ)(الأنفال24) دەپرسین: (لِمَا يُحْيِيكُمْ) بە چی ئەنجام دەدرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کەوا ئەو ژیان (حياة)ە بە هۆی ژیانی مەخلوقات دەهێنرێتەوە، لۆ؟ چونکە ئەو مەخلوقەی ئێمە قیرائەی دەکەین ژیانی هەیە، لە دار، دیوار، زەوی، هەموویان ژیانیان هەیە، ئەمانە هەموویان (تسبيحات) دەکەن، (تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدَهِ وَلَكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيماً غَفُوراً)(الإسراء44)، لەبەرئەوەی (تسبيح) دەکەن کەواتە ژیان(حياة)یان هەیە، ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی لەم مەخلوقانە بوونی هەیە، وا دەکات ئەو سیفاتە لەناو ناوەوەی ئێمە دەست بە ئیشکردن بکات.

**کاتێك هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ دێتە سەر زاری بە چ چەمکێك دەریدەبڕێت؟**

ئەو هەستانەی لەلای مرۆڤەکەی دروست دەبێ، هەریەکەی بە گوێرەی قیرائەی خۆی، یەکێك قیرائەی خۆر دەکات، ئینجا گەرمای خۆر و وزەی خۆر و ڕۆشنایی خۆر، ئەمانە هەموو کاریگەریی لەسەر ناوەوەی مرۆڤ دروست دەکات ئەویش بە جۆریکی دیاریکراوە، یەکێکی دیکە قیرائەی دار پرتەقاڵ دەکات، زیندوویەتی ئەو دارە و ئارامی و پابەندبوونی ئەو دارە، زاڵبوونی ئەو دارەی لەسەر ئەو هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییە زیندووانەی کە هەیەتی، بەروبوومیشی هەیە، ئەمانە کاردەکاتە سەر ناوەوەی مرۆڤەکە، تەنانەت بڕوامان وایە قیرائە و جۆری قیرائەکردن، جۆرێك لە سیفات و تایبەتمەندی تایبەتی لۆ مرۆڤەکە دروست دەکات، بە ڕاستی مرۆڤ هەست بە جۆرێ لە سەرسوڕمانی دەکات لە توانای رب العالمین، ئینجا ئەمە پێناسەیەکی گشتییە، هەرکەسێك و بە پێی خۆی، بە گوێرەی هەستی خۆی، دەرفەتی ئەوەی نامێنێ دەریببڕێت، لەبەرئەمەیە (تسبیح) دانراوە، ئەم هەستە بە (تسبیح) دەردەبڕێت، ئەو هەستەی ناوەوەی دەبێتە (تسبیح)، لە ژوورەوەی مرۆڤەکە جۆرە وزە و توانایەك و جۆرە هەستێك دێتە جووڵە، کاتێك دێتە سەر زمان دەبێتە (سبحان الله)، دەبێتە چ دەربڕینێك؟ (سبحان الله) ئەمە (تسبیح)ی ڕاستەقینەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە تەسبیح، ئەوەی ناسراوە بە تەسبیحی دروستکراو کاتێك لە نێو پەنجەکانیان دەیسوڕێنن ئەوە (تسبیحات) نییە، دەنك دەنك دەیهێنن و دیبەن! ئەمە تەنیا خۆ سەرقاڵکردنە. ئەو هەستەی دروونی مرۆڤ بەرامبەر قیرائەکردن و بەستنەوەی بە خاوەنی قیرائە، ئەو مەخلوقە و بەستنەوەی بە خالقیەتی، هەستکردن بەم هەستەی لە دەروون و ناوەوەی هێدی هێدی بەرز دەبێتەوە، تاکو بە زمانی مرۆڤ بە تسبیح کۆتایی پێ دێنێت و دەریدەبڕێت، لۆ نموونە باڵندەی (تاوس) دەبینیت، ئایا سبحان الله ناکەیت؟ لۆ؟ لەبەر سەیرییەکەی، هەستێکی سەیر، هەستێکی سەمەرە، ئەو هەستە لۆ مرۆڤ دروست دەبێت، کاتێك مرۆڤ شتێکی سەیر دەبینێت یەکسەر دەڵێت (سبحان الله) لۆ ناڵێت الله أکبر؟ ئەویش هەر (ذکر)ە، یان لەبەرچی ناگوترێت (لا إله إلا الله)؟ ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەوا بە ڕاستەقینەیی (تسبیح) لە نێو فیطرەمان بوونی هەیە، تەنانەت لە زمانی ئینگلیزی لەم حاڵەتانە دەگوترێت (oh my god!) ئەمەش جۆرێك لە تەسبیحە، بەڵام بەم جۆرە دەریدەبڕن، گرنگە ئەم هەستانە لە ناوەوەی خۆمان بدۆزینەوە، و دەستنیشانی بکەین، و بزانین چۆنە، ئینجا پاشان لە دواڕۆژ ئەو هەستانە کۆمەڵێك سیفات دروست دەکەن لۆ مرۆڤ، کە ئەمانە دەبێتە ڕەوشت(خُلق) لە مرۆڤەکە.

## ڕیزبەندی ئەو مەخلوقاتانەی کە قیرائەی لەسەر دەکرێت

## چۆن لە قورئان وەردەگیرێت؟

خانەکانی دار وەربگرین لە پێکهاتەی دار، ئەم خانانەی دار بەراددەیەك نەرمن وەکو ئاوە، و زۆر ناسکن، و زۆر لاوازن، بەڵام زۆر بەهێزن، ئەی چیان بەهێزە؟ توانایان هەیە ئەم هەموو خۆڵ و چڵ و ئەمانە هەمووی بدەنە لاوە، ئەگەر تەنیا قیرائەی هاتووچۆی ڕەگی دار بکەیت، سوێند بە الله سەرسامبوون داتدەگرێ.

ئەو ماددانەی کە قیرائەی لەسەر دەکرێت، هەمووی لە سوڕەتەکانی مەککەیی دەستنیشانکراوە، چەندی دەکرێت لەم چوارچێوەیە جوولە بکەیت، ئەم مەخلوقاتانەی لە ناو قورئان بە ڕیزبەدی ناویان هاتووە هەر ئەوان وێنە(صورة)ت لۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەوانەی دیکە کە بوونیان نییە، ناتوانێت وێنەت لۆ دروست بکات، خودای ڕەحمان لە سوڕەتە مەککەییەکان بە کۆمەڵێك ئایاتی دەستنیشانکراو دەست پێ دەکات، من بڕوام وایە فیطرەی مرۆڤ زیاتر بەم مەخلوقاتانەی کەوا ناویان هاتووە بەوان فیطرە دەست دەکات بە جووڵە، واتە لە سەرەتا بەمانە دەکەوێتە جووڵەوە، لە پێشتریش دەربارەی فیطرەی مرۆڤ نموونەمان وا

هێناوەتەوە کەوا هەروەکو کاسێت کە سەردەمی پێشوو باو بوو ژێرەوەی کاسێتەکان لە هەردوو لاکانی ژێرەوەی زمانەیەك هەبوو، بە هەمان شێوەی ئەو کاسێتانە فیطرەی مرۆڤیش زمانەیەکی وای هەیە، ئینجا ئەگەر شتێك لەسەر کاسێتەکە تۆمار بکرێت و دواتر ئەم زمانانەی ژێرەوەی کاسێتەکە بە شێوازێك لاببرێت، ئەو کاتە ناتوانرێت سەرلەنوێ شتێکی دیکە لەسەر کاسێتەکە تۆماربکرێت، ئینجا خودای ڕەحمان ئەوەی ویستوویەتی لەسەر فیطرەی تۆمارکردووە و هیچ هێزێکیش نییە ئەوەی لەسەریەتی بیسڕێتەوە، چونکە لەلای ئێمە خودای ڕەحمان: (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَـؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ)(البقرة31)، ئەو (أسماء)انە لەلای ئێمە واتە ڕاستەقینەی شتەکان(حقائق)، ئەو ڕاستەقینانەی کە هەمووی لە ناو فیطری ئادەم و فیطرەی ئێمە دانراوە، ئینجا چ کاتێك ئەو قیرائەیەمان کرد ئەو ڕاستەقینانە لۆخۆی دێتەدەرەوە، ئینجا خودای ڕەحمان بەچی دەستی پێکردبێ واباشە ئێمەش هەر بەوە دەستپێبکەین، کە باسی ئاسمان دەکات، باسی زەوی دەکات، باسی خۆر دەکات، باسی مانگ دەکات، باسی باران دەکات، ئەمانە هەمووی بەم ڕیزبەندییەوە کە خودای ڕەحمان لە ناوهێنانیان پێیداچووە، ئێمەش دەبێ بە هەمان شێوە بەدوای دابچین، ئەگەر قیرائەکردنەکە بەم شێوەیە بکرێت ئینجا زانستییانە دەبێت، هەربەم شێوەیەش ڕاستتر دەبێت.

**ئایا دەبێت ڕێبدەین جەنجاڵی دەورووبەر جەنجاڵی لە ناخمان دروست بکات؟**

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەین ئەوەیە کەوا:

1- لە مەشق و ڕاهێنانەکان بەردەوام بین.

2- ئەو جەنجاڵییەی ژین کە هەیە ڕێگە نەدەن کاربکاتە سەر بابەتەکە، ئەویش لە قورئان بە بێئاگایی (الغفلة) ناوبراوە، واتە دەرفەت نەدەین تووشی بێئاگایی ببین.

ئەوەی لە خاڵی دووەم باسمان کردووە خۆی لە کارو پیشەو منداڵ و کۆمەڵێك کاروبار هەیە کە هەر لەبنەڕەتدا پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.

**لەبەرئەوەی بە قیرائەکردن خودا دەناسین کەواتە زۆر پێویستە لە ژیانماندا کاتێکی لۆ تەرخان بکەین**

گرنگە کەوا نەهێلین لە (24) کاتژمیری ڕۆژمان کاتمان بە فیڕۆ بچێت، پێویستە هەر یەکێك قورئانێکی بەردەوام لەلا بێت، ئینجا ئەگەر مانگێك لە خزمەت ئایەتێك بوەستیت ئاساییە.

وا باشە قیرائەکردن پایەیەکی هەبێت، و پایەکەی لە شتەکانی ڕۆژانەی ژیانت کەمتر نەبێت، و کاتێکی لۆ تەرخان بکرێت، ئەوە بەسە بۆ هێدایەت وەرگرتن، و دەبێتە بەشێك لە قەوارەی ژیانتان و نەتوانن وازی لێ بێنن، ئەو کاتەش دەبێتە هەموو ژیانتان، هەر لەسەر ئەوەش دەڕۆن و لەسەر ئەوەش دەژین.

لە بابەتی داهاتوو بە پشتیوانی خودای ڕەحمان لە خزمەتتان زیاتر بە کردەییانە باسی قیرائە دەکەین، و وردەکارییەکانی ئەو قیرائەیەو ڕێگەی دابەزاندنی لۆ واقیع هەم دیسان بە هەستەکانەوە لێی دەدوێین، تاکو بتوانین بیکەین بە سیفات و خەسڵەت لە خۆمان.